# نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی عێراق وچارەنوسی هاوپەیمانی کوردستانی

**ئەبوبکر ئەحمەد سـﻪلێمان**
bahman@planet.nl

**مەسەلەی سیستمی فیدراڵی وپەیوەندی دین ودەوڵەت وشوناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەتی عێراق ،  بەرجەستەترین خاڵی ناکۆکی نێوان ئەحزابی سەرکەوتوی هەڵبژاردنەکانەلەناوهۆڵی  پارلەمان وهەروەهائەوانەش کەبەشداری هەڵبژاردنەکانیان نەکردوە لەدەرەوەی پارلەمان ولەنێوان خودی ئەندامانی لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی کەدەبێتەقانونی ئەساسی بۆدەوڵەتی ئایندەی عێرق  .**

**هاوپەیمانی کوردستانی سورەلەسەرئەوەی کەدەبێ یاسـای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتی عێراق ببـێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆدەستوری هەمیشەیی ، کەبەپێی ناوەرۆکی ئەویاسایە 3 پارێزگای کوردستان ئەتوانن کەڵك لەمافی فیـتۆ وەبگرن بۆڕەت کردنەوەی ڕەش نوسی دەستورەکە ، هەروەهاسـوننەکانیش ئەتوانن کەڵك لەویاسایەوەربگرن ، ئەگەرچی لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتی دا ناوی سیستمی فیدراڵی هاتوە ، بەڵام شکڵ وشێوەی سیستمی فیدراڵی یەکەڕۆشن نەکراوەتەوە وکێشەی کورد  لەویاسایەداوەك مەسەلەیەکی قەومی تەرح نەکراوەوهیچ تایبەت مەندیەکی قەومی سەبارەت بەکوردستان لەویاسایەدانیشان نەدراوە ، لەگەڵ هەموئەوکەموکورتی وناڕۆشنیانەشدا ، ئەمڕۆبەکردەوەجگەلەکوردەکان پێ ناچێت هیچ لایەنێکی عێراقی لەگەڵ تەرحی فیدراڵیزم دابێت کەحکومەتەکەی ئیبراهیم الجعفری  هەرلەسەرەتاوەبەکردەوە ئەم ڕاستی یەیان نیشاندا ، لەکاتی خواردنی سوێندی یاسایدالەبەردەم پارلەمان وشەی فیدراڵی یان لەناوەرۆکی شێوەی سوێندخواردنەکە دەرهێنابو ، بەپێی یاسای دەوڵەتی کاتی عێراق مەجالی زۆرهەیەکەڕەقیبەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بەڕێگای حیلەشەرعی دیموکراسی یانەولەڕێگای دەنگدانی سەرتاسەری یەوە پێش بەچەسپاندنی سیستمی فیدراڵی بگرن ولەڕێگای خەڵکی عێراقەوەئەوپڕۆژەیەڕەتی بکەنەوە ، هیچ زەمانەتێك نیەلەبەرامبەرئەگەری ئەوەی کەبەفشاری دەنگی زۆرایەتی پارلەمانی ناوەرۆکی فیدراڵی یەکەلەمافەقەومی یەکانی خەڵکی کوردستان خاڵی ناکرێتەوەوئۆتۆنۆمی یەکی عیاری 14لەبەرگی سیستمێکی فیدراڵی پارێزگاکانداوبەئارایشی تەقسیماتی ئیداری جوگرافیایی بەسەرخەڵکی کوردستانی داناسەپێندرێت  ، لەلایەکی ترەوە ئەگەر ڕەشـنوسی دەستوری هەمیشەیی لەنێوان هێزەسیاسی یەکاندا تەوافـقی لەسەربکرێت ولەسەریشی پێك بێن ، وەئەگەر دەسـتورەکەلەدەنگدان وئیستـفتای گشتی دەرنەچێت ولەلایەن زوربەی خەڵکی عێراقەوە قبوڵ نەکرێت وڕەت بکرێتەوە ، بەپێی یاسای دەوڵەتی کاتی پارلەمانی عێراق هەڵ دەوەشێتەوە و دەبێ دیسان هەڵبژاردن بۆپارلەمانێکی تازەبکرێتەوە ، کەئەم ئاڵوگۆڕانەبەبڕوای من هیچ کامێکیان لەبەرژەوەندی هاوپەیمانی کوردستانی دانیە  .**

**لەحاڵەتێکی ئەوتۆداهاوپەیمانی کوردستانی دەکەوێتەبەردەم دوڕیانی هات ونەهات وبڕیارێکی نەخوازراوەوە ، یان دەبێ وازلەداخوازی فیدراڵی قەومی بۆکوردستان بهێنن وبەناچاری بەفیدراڵی پارێزگاکان وەیان بەئۆتۆنۆمی ڕازی بن ، یان دەبێ پاشەکشەلەدەوڵەتی عێراق بکەن وبیرلەجیابونەوەوپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆبکەنەوە ، ئەگەرچی قبوڵ کردنی**

حاڵەتی یەکەم لەسەردەستی حیزبەکوردستانیەکان بەشێوەیەکی ئارەزومەندانەجارێکی ترشەرعیەت ئەداتەوە بەداگیرکردنەوەی کوردستان ودەبێتەهۆی بەهەدەرچونی خوێن وخەباتی دەیان ساڵەی خەڵکی کورد وگەڕانەوەیەبەرەوبارو دۆخی سەردەمی ڕژێمی دیکتاۆری بەعـــس ، هەڵبژاردنی ڕێگای دوهەمیش لەدوای لەدەست چونی هەلومەرجێکی گونجاو و لەدەست دانی ئەوفرسەتەزێرینەی کەماوەی14 ســاڵەبۆکورد هەڵ کەوتوە ، ئێستا بەدەرلەوەی کەحیزبەکوردستانیەکان بەهۆی هاوکاریان بۆ ئەمریکالەجەنگی عێراقدا هەموپردەکانی پشتی خۆیان ڕوخاندووەعەتف وســۆزوپشتیوانی سەرجەم موخالیفەکانی ئەمریکاودەوڵەتانی ناوچەکەوسەرجەم خەڵکی عێراقیشـــیان لەدەست داوە ،هەروەهالەدوای ئەوەکەدەوڵەتێکی قانونی لەعێراق دروست بۆتەوەوهەلومەرجەبابەتیەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهاتوە ئەم ڕێگایەبۆتەکارێکی دژوار .

سەبارەت بە ئەوزاعی سیاسی ناوخۆی کوردستان وکێشەوململانەی نادیموکراسی یانەی نێوان یەکێتی وپارتیش هیچ تروسکایەکی ڕۆشن وئاســۆیەکی گەشی تێدابەدی ناکرێت ، ئاخرئارام بونەوەی پەیوەندیەکانی یەکێتی وپارتی کەلەدوای شەڕێکی درێژخایەن لەژێرفشاری هۆکارە دەرەکی یەکان وئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانی ناوخۆی عێراقدالەدوای چەندین ســاڵ تائێستاش ئاشتی یەکی پایەداری لێ نەکەوتۆتەوە ، بەبڕوای من لەدوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوکەبڕیارەلەکۆتای ئەمساڵدائەنجام بدرێت ، بەپێی ئاڵوگۆڕی هاوسەنگی دەسەلات وهێزی یەکێتی وپارتی لەدەوڵەتی ئایندەی عێراقدا پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوحیزبەوهاوپەیمانی کوردستانیش ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت .

تائێســتاش دوحیزبەگەورەکەی کوردستان هیچ دەرس وپەندێك لەڕابوردو فێرنەبون و بەمەنتــقی تەوافــقات ولەڕێگای داسەپاندنی دەسەلاتی بیروکراسی یانەوە حوکمی وڵات دەکەن وسەروەت وسامانی ئەم وڵاتەیان لەنێوان خۆیان دابەش کردوە ، لەژێرفشاری ئاڵوگۆڕەسیاسی یەکانی عێراقدادۆستایەتی وهاوپەیمانیەکی دیماگۆگیانەوناواقعی لەخۆیان نیشان ئەدەن ، ناکۆکیەکانی نێوانیان بەشێوەیەکی کاتی پەردەپۆش وپینەوپەڕۆکراوەولەهەرئان وساتێکداوەك نەخۆشی شــێرپەنجەقابیلی سەرهەڵدانەوەیەوململانەی غەیرەدیموکراسی یانەی ئەم دوحیزبە بێ کۆتاییەوچارە نوسی سیاسی خەڵکی کوردستان یان بەستۆتەوە بەقەزاوقەدەری پۆستی دەسەلاتی شەخسی وحیزبی یەوە ، ئەگەرئەمیان نەبێتە سەرۆك کۆماری عێراق و ئەویان نەبێتەسەرۆکی هەرێمی کوردستان ولەسەرئەم کورسی دەسەڵاتەئامادەن شەڕێکی تر لەکوردستان بەرپابکەنەوەوخەرمانی خوێن وخەباتی چەندی ساڵەی خەڵکی کوردستان ئاگرتێ بەربدەنەوە ، ئەگەرئەمرۆش یەکێتی وپارتی پێك بێــنەوەوئاشت ببــنەوە بەیانی تێك دەچنەوەوشەڕیان دەبێتەوە ، بەهۆی ئەوە کەئەم دوحیزبەلەئەساسەوەپرەنسیــبی دیموکراسی یان قبوڵ نیەلەململانەی حیزبیداوهیچ کامێکیان قبوڵ ناکەن پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەلات بەپێی پرەنسیــبی دیموکراسی ولەڕێگای هەڵبژاردن ودەنگدانی خەڵکەوەبەڕێوەبچێت ، هەرچەندە بەپێ چەندسەرچاوەیەکی ڕاگەیاندن ڕۆژی 28-5-2005 بەڕێز مام جلال لەهاوینەهەواری صــلاح الدین چاوی کەوتوە بەڕێز مســعودبارزانی وسەبارەت بەمەسەلەی سەرۆکی هەرێم ویەکەم کۆبونەووەی پارلەمانی کوردستان پێ دەچێت لێك نزیك بونەوە ڕوی دابێت ، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەپێی دەقی لێدوانی بەرپرسێکی یەکیتی نیشتیمانی کوردستان سەبارەت بەتازەترین پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی وپارتی کەلەژمارەی 3680 / 25-5-2005 لەلاپەڕەی یەکەمی کوردستانی نوێ دابلاوکراوەتەوە هەڵوێست وبیروڕای زۆرجیاواز نیشان ئەدات لەنێوان ئەم دوحیزبەدا .

<u>ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ</u>

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاندووە کە دوایین پێشنیاری یەکێتی لەو بارەیەوە ئەوەیە کە هەموو شتەکان لە کوردستان تا هەڵبژاردنی داهاتوو وەك خۆیان بمێننەوە .

سەرچاوەکە کە ناوی ئاشکرا نەکراوە گوتوویەتی "دوایین پێشنیاری یەکێتی کە هیوادارین پارتییش قبوڵی بکات ئەوەیە کە هەموو شتەکان لە کوردستان تاکاتی هەڵبژاردنی داهاتوو وەك خۆیان بمێننەوە، بەڵام ئەگەر لە بەغدا گۆڕانێك روویدا و یەکێك لە دوو پۆستە سیادییەکان بۆ کورد نەبوو، لەوانەیە هاوپەیمانیی کوردستان لە حکومەتی عێراق پاشەکشە بکات و لە کوردستانیش سەرلەنوێ بە رێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتیدا بچینەوە.

**بەپێی ناوەرۆکی ئەم نامەیە ، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان قبوڵ کردنی پرۆژەکەی پارتی سەبارەت بەیاسای سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوەبە ئەگەرەکانی ئەنجامی هەڵبژرادنەکانی داهاتوی عێراق وبەمەرجێك پرۆژەکەی پارتی قبوڵ دەکات کە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودایەکێك لەپۆستەسیادیەکانی عێراق بەرکوردبکەوێت ومام جلال بەسەرۆکی کۆماری عێراق بمێنێتەوە یان پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی بەنسیب بێت ، ئەگەروانەبێت بەپێی ئەم لێدوانە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەپرۆژەکەی پارتی ڕازی نیە و وای بەباش دەزانێت وپێشنیاریشی بۆپارتی ئەوەیە کەئەوزاعی سیاسی کوردستان تاکودوای هەڵبژاردنەگشتی یەکانی داهاتوی عێراق هەروابەهەڵواسراوی بمێنێتەوە .**

**لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە ، ئایە پارتی دیموکراتی کوردستان بەم پێشنیارەی یەکێتی نیشتیمانی ڕازی دەبێت ؟ وەئەگەر ڕازی نەبو پەیوەندیەکانی ئەم دوحیزبەگەورەی کوردستان دیسان بەرەوتێکچون ناچێتەوە ؟ وەئایە هاوپەیمانی کوردستانی ڕوبەڕوی هەڵوەشانەوەولێك ترازان نابێتەوە ؟ .**

**پێشنیارەکەی یەکێتی نیشتیمانی بۆپارتی بەئاشکراباس لەوەدەکات کەتاکودوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوی عێراق دەسەڵاتی دوئیدارەیی لەکوردستان هەروەك خۆی بمێنێتەوە ، بەم جۆرەش پارلەمانی کوردستان ناتوانێت یەکبگرێتەوەودانیشتنەکانی خۆی بکات وحکومەتێکی یەکگرتولەکوردستان دامەزرێنێت .**

**ئەبوبکر ئەحمەد سـلێمان**
**هۆڵـندا** 30-5-2005
bahman@planet.nl